جامی یەکێتی ئینگلتەرا... ئاستۆن ڤیلا شکستی بە تۆتنهام هێنا



لە جامی یەکێتی ئینگلتەرا ئاستۆن ڤیلا شکستی بە تۆتنهام هێنا و گەیشتە قۆناغی 16.

لە یاریەکانی قۆناغی 32ی جامی یەکێتی ئینگلتەرا، ئاستۆن ڤیلا لە یاریگای خێدا میواندارى تۆتنهامی کرد.

لە تایمی یەکەم، یانەی خاوەن یاریگا بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریەکەی کرد و هەر لەگەڵ دەستپێکیش لە خولەکی دوو لە ڕێگای ئارۆن ڕامسیدیۆ گۆڵکیان تۆمارکرد و ئەو تایمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 65 ڕۆجەرس دووەم گۆڵی ئاستۆن ڤیلای تۆمارکرد، پاش ئەوەش هەرشەکانی سپەرز بە یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە دەستپێکرد سەرەڕای ئەوەی لە خولەکی یەکی کاتی زیادکراو لەلایەن ماتیس تێلەوە گۆڵکیان تۆمارکرد بەڵام لە یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە سەرکەوتوو نەبوون یاریەکە بەبردنەوەی خاوەن یاریگا کۆتایی پێهات.

بەو ئەنجامەش ئەستەن فەلا سەرکەوتنی بە قەناغی 16 مسگەرکرد و تەتنها میش مانئاوای لە پاڵەوانێتییەکە کرد.